www.kurdistannet.org

4-10-2006 19:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شەهیدانی مەزنی ئەوان و قوربانیانی لەبیرکراوی ئێمە ... عەلی مەحمود محەممەد



ئەم لەحزەیە چەندە جیاوازی چینایەتی و سیاسی لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەیە، بێشك ئاسمان و ڕێسمانە، ئەوان لە قولەی قاف و ئێمە لە بنی دۆڵی هەزار بە هەزار، ئەوان هەر لە سکی دایکیان بەردەبنەوە، سیاسەتمەداری لێهاتوو، دیپلۆماسی کارامە، سەرکردەو سەرۆکی چوست و چالاك و عەبقەری، کارگێری دەوڵەتی پلە و پایە بەرزی لێهاتوو، قارەمانی کەیفخانەکانی هاندەران، خاوەند پڕۆژەی ئابووری گەورەن، ئێمەش بێکار و برسی و نەخوێندەوار و گێژ، دەنگدەر، چەپڵە لێدەر، شەرکەر، ئەنفالکراو، قوربانی چەکی کیمیاوی، برسی خۆراگر، کڵاش خواری شان داچەکاو، قارەمانی نا وزیندانەکانین.

ئەوان بە زیندویی و مردویی 24 سەعاتە خاوەند کارەبان، ئێمەش هەڵتروشکاوی دیار فانۆسە دوکەڵدارەکانین، ئەوان بە مردویی شەو ڕۆژ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و ڕوپەڕی ڕۆژنامەو بڵندگۆی کۆبونەوەو هۆڵی کۆنگرەو کۆنفرانس و پۆلی زانکۆکان ئامادەن، گەورەترین گەڕەك و خۆشترین دەڤەر و بەناوبانگترین دەزگای ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری بە ناویانەوە ناو دەنرێت، ئێمەش ئێسکەکانمان، تەرم و ڕوفاتەکانمان دەبێتە خۆراکی سەگەکەی حەجاج، هەر توانای تفەنگ هەڵگرتن و چەپڵە لێدانمان نەما ئیتر لە بیرکراوی ئەبەدین، تێهەڵدراوی هەتا هەتایین، ڕسواکراوی مێژوین، هەموو ناشرینییەکانی ژیان بە ناومانەوە تۆمار دەکرێت، ئەوانیش مرۆڤە بێگەردە پاکیزەییەکەی مێژووی نەتەوەن.

ئەوان هەر مردن، ئیتر لەسەر جێگا، یان ڕێکەوتی ڕێگا، یاخود لە ڕێگای ڕابواردن و کەیف و سەفایا، یان لە پاشە کشەو هەڵاتن لە جەنگا، یا لە شەڕی پیرۆزی کورسییا، یان نەبەردی پیرۆزی براکوژییا، ئیتر ئەوان هەر شەهیدە هەمیشە زیندووەکەی گەلن و بۆ هەتا هەتایە لەیاد ناکرێن، ئێمەش بە سەدان هەزارمان دەبن بە قۆچی قوربانی هەڵەکانی ئەوان، هەزارانمان دەبن بە قیرۆسیای چەکی کیمیاوی لە شەڕی پیرۆزی زەفەر و کەربەلا، کەس باسیان لێوە ناکات، ئێمە دەبێت لەبەر خاتری گۆڕی شەهیدانمان برسی بین، ئەوانیش دەبێت لەبەر خاتر مەرقەدی پیرۆزی مردووەکانیان خاوەند کورسی بن.

بەڕێزینە بەڕاستی لەوەتەی هەین ئێمە شەهیدی ڕێکەوتین، شەهیدی کورسی و دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانین، وەلێ تاکو ئێستا بەخۆمان نازانین.

لە وەتەی کورد خەباتی چەکداری دەکات، قوربانی ئێمە بۆ کورسی ئەوانە، ڕەنجی ئێمە بۆ زۆرکردنی سەروەت و سامانیانە، مێژووی ئێمە بۆ سڕینەوەی ناشرینییەکانی مرۆڤ کوشتن و فرت و فیڵ و خیانەتی ئەوانە، ئیتر بۆ ئێمە قوربانی و شەهیدی ڕێکەوت نین؟.

نازانم 14 ساڵە چ ڕۆژێك جیاوازی لە نێوان قوربانیانی کوڕی تێکۆشانی ئێمەو کوژراوانی برا کوژی ئەوان نەکراوە، چ چرکەیەك سەدان هەزاری ئێمە گرنگی منداڵێکی دەمڕووتی بە ڕێکەوت مردوی ئەوانی پێدراوە، ئیتر لۆ لۆمەی کەس بکەین، 14 ساڵە لە کوردستان ئەمە بە پراتیك مومارەسە دەکرێت، وەلێ فزەیەك لە هەمبەری ناکرێت.

14 ساڵە کەس و کاری قوربانیان لەم کوردستانە ئازادە بە کۆمەڵ برسی دەکرێن، ئەنفالی دووەم دەکرێن، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە جیاکاری لە نێوان شەهیدانی براکوژی و قوربانیانی گەل دەکرێت، ئەوە نییە قوربانیان و ئەنفالکراوی سەر بە ڕێکخستنی پارتە دەسەڵاتدارەکان هەموو شەهیدی سەنگەرن، ئێمەی بێلایەنیش شەهیدی ڕێکەوتین، ئەوە نییە جاشەکانی ئەوان شەهیدی سەنگەرن،

قوربانییەکانی ئێمەش مردووی ناو جێگان، ئەوە نییە ئێسکەکانی ئێمە سەگ لە بیابانەکان دەیخوات، مردووەکانی ئەوانیش هەموو خاوەند مەرقەد و مەزارن، ئەوە نییە لەم کوردستانە سەیر و سەمەرەیە شەهیدانیش وەك زیندووەکان پۆل پۆل سەنگەر دەگوزانەوە، ئەوە نییە لەم وڵاتی عاجباتییە ئێسکی قوربانیان و ئەنفالکراوەکان سەرلەنوێ دەچنە ڕیزی حیزبەوە.